# ئاواتی ون        ئەحمەد دەشتی

چی ئـاواتی پڕ لە جوان وشـــیرینم  بــوو
چی ئــاوازی ناو دەروونـــی بەهـــێزم بوو
هەمـــووی لەڕێی کوردستانی شرینم بوو
بونە زام و  بەســـەرجەستەی‌دڵم وەربوو

گولێکم بـــوو ڕازی شـــادی  ژیـانم بوو
ســـەرووی هەمـوو جوانانی جیهانم بـوو
بە سروەی ئەو ژانەکانم  سـاڕێژ دەبـــوو
ئەویش ڕۆیی خـەم جێگـری گـراوم بوو

خۆئەودەمەی‌کە پێشمەرگەی‌وەڵاتم بوم
سەر لەپێناو لە ڕێی بەرزی ڕزگـاری بوم
هەمو ســـاتێ وام دەزانی جیهان هی منە
کەپێشمەرگەی‌سەربەخۆیی‌کوردستانبوم

بە هارێکم لەئاســـۆی دوور وەدی دەکرد
چی بـــرین و ژانی دڵ بوو بەو لام دەبرد
لەسەرتروۆپکان دەردی برینم ئارامدەکرد
هەمووی ڕۆیی وڕۆنـاکاییەکانم  باری‌کرد

ئەوا ئیســـتاش بەبـــێ تـــاوو ڕۆناهیمـە
هیـچ نازانم لـەم غـــوربەتە ئەمـن چیمە
دەخولێمەوەدل بەخەم وبێ ســەروشوێن
دەبرێمـــەوە پڕ ئـــازار و بـــــێ پەریمە

بوویمە زێـــدی  برینـانی  بێ  هـــەتوانم

توایمەوە لەناوخـــــەمان  پڕ گـــریانم
دەبڕێمەوە لە تـــــاو یارو  هـەڤاڵانم
بێ ژیانم وا لە  دووری کوردســـــتانم

بێگـــانەمە لەم کیشـــوەرەی پڕی  برین
شین دەگێڕم لەتاودووری بەهـاری  ژین
دیارە کەوا غەوارەبوون  بـــاسی ســـەرە
کێ کەدوورەلەخاکی خۆی چـاو پڕ گرین

لەگەل کەس وکـــارو وارا ژیان ڕەنگیـــنە
کێ کەدوورە لەخـــــاکی خۆی دڵبرینە
ســـــــاتێ نامۆ ناڵێ ئۆخە ئا لەم ژیـنە
ڕاستە دەڵێن بەرد لەجێی خۆیا ســـەنگینە

*

بە یادی کارەساتە شومەکەی  1975 . لە دوای ساڵێک  مازەندەران